# تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت



سەردار فەتاح ئەمین

سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات

Amsterdam Holland

Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl



20 Oktober 2018

ساڵی یەکەم 20 ئۆکتۆبەری 2018 ژمارە 15


# ئەوروپا: سەرکەوتنی دوو ژنی کورد لە دوو وڵات





بەکر شوانی– ئەڵمانیا

لە دوو هەڵبژاردنی هەرێمیی گرنگدا، کە رۆژی یەکشەممەی رابردوو ١٤–١٠–٢٠١٨ لە هەرێمی بایەرنی ئەڵمانیا و هەرێمی فلامەنی بەلجیکا ساز کران، دوو سیاسەتمەداری بەرەچەڵەک کورد، سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کرد.

بایەرن– ئەڵمانیا : خاتوو گویلسەرەن دەمیرێل لەسەر لیستی پارتی سەوزەکان گەیشتە پەرلەمانی هەرێمی بایەرن (باڤاریا)، پاش ئەوەی پارتی سەوز لە دوای پارتی کرستیانی بایەرن پلەی دووەمی بەدەست هێنا. دەمیرێل ساڵی ١٩٦٤ لە مەلاتیای باکوری کوردستان لە دایک بووە و بە منداڵی لەگەڵ کەسوکاریدا هاتووەتە ئەڵمانیا. لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە تا یەکشەممەی رابردوو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی موینشن بوو، لەسەر لیستی سەوزەکان. دەمیرێل لە ئینتەرنێت ماڵپەڕێکی هەیە بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی بڕوانە:

https://www.guelseren.de/siyasata-min/

فلامەن–بەلجیکا: پارێزەر و سیاسەتمەداری بەلجیکایی بەرەچەڵەک کورد. خاتوو زوحال دەمیر لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی فلاماندا، سەرکەوتنێکی گەورەی لەسەر لیستی هاوپەیمانیی نوێی فلامەن تۆمار کرد. ئەگەرچی دەنگەکانی ئەو پارتە بە گشتی کەم بووەتەوە، بەڵام لە شاری گێنک–ی زێدی دەمیر رێژەی دەنگەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. دەمیر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، هەڵوێستێکی توندی لە دژی گورگە بۆرەکان و ئەندامان و لایەنگرانی ئاکەپەی تورکیا نواند. دەمیر کە ساڵی ١٩٨٠ لە دایک و باوکێکی کوردی زازا لە شاری گێنک لە دایک بووە و یاسای خوێندووە، لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە ئەندامی پەرلەمان بوو لە سەر لیستی پارتەکەی خۆی و لە پاریشەوە وەزیری دەوڵەتە بۆ کاروباری یەکسانی.




زۆرترین بڕی پارە لەسەر ئاڵای کوردستان

رۆژی یەکشەممەی رابردوو ١٤–١٠–٢٠١٨ بەردەم دێری دۆم لە کۆڵن. هونەرمەندێک بە کێشانی ئاڵای وڵاتان لەسەر زەوی پارە کۆدەکاتەوە.

وەک دەبینرێت، ئاڵای کوردستان بڕێکی زۆر پارەی لەسەر دانراوە.

داواکارین لە تێکرای نوسەران و رۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەوڵی سەرکەوتن پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ رەوانە بکەن تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە.


# بۆچی مووی سەر، زووتر لە مووی ڕیش، ماشوبرجی دەبێت؟

## وەرگێرانی لە هۆڵەندییەوە: بەختیاری شەمەیی



لە یەکێ لە گەشتەکانی تزاری رووسیادا بۆ یەکێ لە دەڤەرەکان، لووتی بوو بە لووتی جووتیارێکی هەژاری جووەوە و یەکسەر ئەوە سەرنجی ڕاکێشا کە ڕیشی جوتیارەکە ڕەش ڕەشە، بەڵام مووی سەری ماشوبرنجی بووە. تزار لێی پرسی: ئەرێ توو خوا پێم ناڵێیت شتی وا چۆن دەگونجێت؟ جوتیارەکە وەڵامی دایەوە: مووەکانی ڕیشم کاتێک دەستیان بە دەرکەوتن کرد، کە تەمەنم بوو بوو بە پانزە ساڵ، بەڵام مووەکانی سەرم هەر لەگەڵ لەدایک بوونمەوە ئەوانیش پەیدا بووبوون. کەواتە مووی سەرم کۆنترە لە ڕیشم، هەربۆیە مووەکانی سەرم زووتر ماشوبرنجی بوون. تزار بە جۆشوخرۆشەوە هاواری لێهەستا و گوتی ئای کە وەڵامێکی ژیرانە بوو. تزار بە جوتیارەکەی گوت: ئایا سوێندم بە ئابڕووی خۆت بۆ دەخۆیت کە هەتا سەد جاریتر من نەبینیتەوە، ئەم نهێنییە لای هیچ کەسێکیتر نەدرکێنیت!؟ تزار، هەر کە لە گەشتەگەی گەڕایەوە، هەموو وەزیرەکان و ئامۆژگارەکانی خۆی بانگهێشتن کرد و کۆی کردنەوە و پێی گوتن کە پرسیارێکی زۆر تایبەتیی بۆ هەموویان هەیە. هەموویان کێچ کەوتە کەوڵیانەوە و بۆ بیستنی پرسیارەکە و ئارامیان لەبەر بڕا. بەڵام کاتێک کە تزار لێی پرسین: بۆچی مووی سەری مرۆڤ پێشتر لە مووی ڕیشی ماشوبرنجی دەبێت؟ بێدەنگییەکی سامناک دروست بوو و کەسیان وەڵامەکەیان نەزانی.

تزار گوتی: یەک مانگ ماوەتان پێدەدەم، بەڵام پاشان دەمەوێت وەڵامەکەتان لێببیستم...ڕۆژەکان تێدەپەڕین و گشت پیاوە ژیرەکان، ئەگەرچی زۆریشان بیرلێکردەوە، بەڵام نەیانتوانی وەڵامێک بۆ پرسیارەکە بدۆزنەوە. مانگەکە خەریک بوو تەواو دەبوو و بەری چاویان تاریک بوو بوو، بە هیچ ئەنجامێکی خوازراو نەگەیشتبوون. لەپڕ یەکێ لە وەزیرەکان ئەوەی بیرکەوتەوە کە تزار ڕۆژێک پێش ئەوەی ئەم پرسیارەیان لێبکات، لە گەشتی دەڤەرێک گەڕابووەوە. ئەو بڕیاریدا لەتەک گالیسکەچییەکەی تزاردا گەشتی هەمان دەڤەر بکات و بە هەمان ڕێچکەدا بڕۆن تا بە هەر شێوەیەک بووە وەڵامی ئەو پرسیارە نهێنی ئامێزە بدۆزێتەوە.




**وەرگێرانی لە هۆڵەندییەوە: بەختیار شەمەیی- ئەمستردام**

کاتێک وەزیر جوتیارە هەژارەکەی بە ڕیشە ڕەشە تۆخەکە و مووە سەرە ماشوبرجییەکەوە بینی، یەکسەر خەیاڵی بۆ ئەوە چوو، کە ئەم کابرایە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارەی تزاری لا بێت. وەزیر لە جوەکەی پرسیی: ئەرێ کابرا ئەوە چۆنە مووی سەرتان ماشوبرنجی بووە و کەچی ڕیشتان بە ڕەشێتی خۆی ماوەتەوە؟ کابرای جوەکە یەکسەر ئەو سوێند و گفت و بەڵێنەکەی خۆی کە بەتزاری دابوو، بیرکەوتەوە و وەڵامی وەزیری نەدایەوە. بەڵام وەزیر بە پێداگرتنەوە بە کابرای گوت: وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ من زۆر گرنگ و گرانبەهایە، دەبێت ئەم نهێنییەم لا باس بکەیت. جوتیارە هەژارەکە بیری لەوە کردەوە، کە زۆر چاک دەتوانێت پارەیەک بەمە پەیدا بکات و گوتی باشە، بە سەد ڕۆبڵی زیوین ئەم نهێنییەی خۆمت پێدەڵێم.

دوای ئەوەی کە وەزیرەکە سەد ڕۆبڵەکەی بۆ جوتیارەکە بژارد و خستییە دەستیە و وەڵامەکەی لە جولەکەکە وەرگرتەوە، بە دڵخۆشییەوە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. کاتێک تزار بە گەشتەکەی وەزیری زانیبوو و دروست بۆی ڕوونبووبۆوە، کە وەزیر لەو گەشتەیدا وەڵامە ڕاستییەکەی بەدەست هێناوە و جوتیارە جوەکە سوێند و بەڵێنەکەی خۆی شکاندووە، بە تووڕەییەوە فەرمانی دەرکرد ،کە ئەو کابرایەی بۆ دەسگیر بکەن و بۆ کۆشکەکەی خۆی بۆی بهێنن.

تزار پیێ وت: تۆ دەبێت زۆر بە سەختی سزا بدرێیت، لەبەرئەوەی ئەو سوێند و بەڵێنەکەی کە منت دابوو، پێشێلت کردووە. تۆ بە ئابڕووی خۆت سوێندت بۆ من خوارد، کە ئەو وەڵامە نهێنییە لای کەس نەدرکێنیت، کەچی تۆ ئەو وەڵامە نهێنییەت لای یەکێ لە وەزیرەکانم درکاندووە!؟ جوتیارەکە بە لووتبەرزییەوە بە تزاری گوت، بەڵێ ئەوە دروست وایە و ڕاستە. بەڵام ئایا بەڕێزیشتان ئەوەتان لە یاد ماوە کە بە منتان گوت: هەرکاتێک من سەدجاری دیکە ئێوە ببینمەوە، بۆم هەبێت ئەم نهێنییە بدرکێنم. تزار بە تووڕەییەوە نەڕاندی بەسەریدا و گوتی: بەر لە هەر شتێک بەڵێنەکەت شکاندووە و ئێستایش درۆیەکی دیکەم لەگەڵدا دەکەیت. تۆ زۆر چاک دەزانیت کە ئێمە تەنها یەک جار یەکتریمان بینیووە!؟ جوتیارەکە گوتی: من بۆتان دەسەلمێنم کە ڕاستگۆ بووم لەگەڵتاندا، لەوکاتەدا کیسە سەد ڕۆبڵە زیوینییەکەی بە تزار نیشان دا. گوتی: پێش ئەوەی کە ئەو نهێنییە بە وەزیرەکەتان بڵێم، ئەو سەد ڕۆبڵی بە من داوە. لەسەر ڕووی هەر ڕۆبڵێک وێنەیەکی بەڕێزتان نەخشێنراوە. دوای ئەوەی، کە من هەر سەد ڕۆبڵەکەم بژاردووە، کەواتە من سەد جار بەڕێزتانم بینیووە و بۆم هەبووە نهێنییەکەم بە پارە بگۆڕمەوە. تزار بە سەرسامییەکی بێوێنەوە، کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو وەڵامە ژیرمەندانەیەی جوتیارە هەژارەکەوە و بڕیاریدا، کە هیچ سزایەکی نەدات و لێی خۆش بێت و سەرباری ئەمەش خەڵاتێکی گرانبەهاشی بکات. بەم شێوەیە جوتیارە هەژارە جوەکە بوو بە یەکەم ڕاوێژگاری تزار و هەتا تزار زیندوو بوو، بڕیاریدا بوو، کە بەبێ پرسپێکردن و ئامۆژگاری لێوەرگرتن لەو جوتیارە، هەرگیز هیچ بڕیارێک دەرنەکات.

سەرچاوە: جوانترین چیرۆکەکانی جووەکان. لە چاپەمنییەکانی ڤێربا، ساڵی ٢٠٠٢. ل ١٢ بۆ ١٤.
De mooiste Joodse verhalen
Uitgeverij Verba, 2002.Bl,12–14.

# قەزای چەمچەماڵ لە ساڵی ١٩٤٧ دا

نوسینی دکتۆر جەبار قادر



| یەکەی ئیداری | دانیشتوانی شارۆچکە | دانیشتوانی لادێکانی | ژمارەی لادێ | ژمارەی مسوڵمان | ژمارەی جولەکە | ژمارەی کرستیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چەمچەماڵ | ١٨١١ | ١٠١٢٥ | ٦٤ | ١١٩٤٦ | ٢ | ٥ |
| ئاغجەلەر | ٦٢٧ | ٨٩٤٠ | ٥٥ | ٩٥٦٧ | — | — |
| سەنگاو | ٥٢٤ | ٨٣٠١ | ٦٦ | ٨٣٠١ | — | — |
| کۆی گشتی | ٢٩٦٢ | ٢٧٣٦٦ | ١٨٥ | ٢٩٨١٤ | ٢ | ٥ |

قەزای چەمچەماڵ لە کاتی سەرژمێری ١٩٤٧، یەکێ لە قەزا گرنگەکانی لیوای کەرکوک بوو بریتی بوو، لە ناوەندی قەزا و هەردوو ناحیەی ئاغجەلەر و سەنگاو. ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزاکە کە چەمچەماڵ بوو، تەنها ١٨١١ کەس بوو. ژمارەی ئاواییەکانی ٦٤ ئاوایی بوو کە ١٠١٢٥ کەس ژیانیان تێدا دەبردە سەر. هەموو بەسەر یەکەوە دەیانکردە ١١٩٣٦ کەس. گرنگترین ئاواییەکانی چەمچەماڵ لەو کاتەدا ئەمانە بوون: تەکیەی کاکەمەند، بنگرد، گورگەیی خاسە، پریادی، گورگەیی شامار، دانەسۆفی، سەیدانی سەروو، نورە، عەلی مەنسور، قەرەتامور، تاڵەبان، ژاڵەی بەردەربەند، شێردەرە، قەرەوەیس، ئەحمەد لەوەند، قەڵاچوغە، چراغسوتە، هەڕاوە، خاڵدان، مارولە و فەرقە. لە ناحیەی ئاغجەلەریش دانیشتوانی ناو ناحیەیەکە تەنها ٦٢٧ کەس بوون، ٥٥ ئاواییش سەر بە ناحیەکە بوو، کە ژمارەی دانیشتوانیان ٨٩٤٠ کەس بوون و بەسەر یەکەوە دەیانکردە ٩٥٦٧ کەس. گرنگترین گوندەکانی ئاغجەلەریش ئەمانە بوون: یاوەفەنەری سەروو، قۆجەلەر، قەسرۆک، تلیاز، کزەڵان، جلەمورد، دلاوەرونە، کەڕاد، عەسکەر، نۆکەل، کوێرەدێ، بکۆکی، گۆکتەپە ( ناوی گوندەکان زۆر جار بەهەڵە و بەعەرەبی نووسران.(هەرچی ناحیەیی سەنگاوە دانیشتوانی شارەدێکە تەنها ٥٢٤ کەس بوونە، ٦٦ ئاواییش سەر بەم ناحیە بوونە کە ژامارەی دانیشتوانیان ٧٧٧٧ کەس بووە و لە گەڵ دانیشتوانی شارەدێکەدا هەموو دەیانکردە ٨٣٠١ کەس. گرنگترین ئاواییەکانی سەنگاو وەک لە سەرژمێرییەکەدا هاتووە ئەمانەن: درۆزنە، کچان، دەرەوار، هشەزەنێ، ژاڵە مەملەحە، دێ ڕەشە، ژاڵە و ڕەبات. لە چەمچەماڵ تەنها پێنج کرستیان و دوو جولەکە ژیاون. ئەوانی دیکە هەموویان موسوڵمان بوون و کۆی گشتیی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ ٣٠٣٢٨ کەس بوون و هەموویان کورد بوون.

سەرچاوە:

المملكة العراقية، وزارة الشوؤن الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء أربيل، بغداد 1954.

# کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە بۆ ڤینۆس فایەق و چەند شاعیرێکی دیکە لە سخیدام



ئاگاداری ئێوەی بەرێزدەکەین ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی21 ئۆکتۆبەری 2018، کات پێنجی ئێوارە ئێوارە کۆڕێکی مۆسیقا و کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ ئەم شاعیرانە لە شارۆچکەی سخیدام- نزیک ڕۆتردام سازدەکرێت، ڤینۆس فایەق شیعرەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەخوێنێتەوە، بابان کەرکۆکی بە کوردیی و هۆڵەندی، صەلاح حەسەن بە عەرەبی و هۆڵەندی و جەمیل ئەلساعیدی بە مۆسیقا بەشداریان دەکات، لەم شوێنەی خوارەوە.

Adres: Oud-Katholieke Kerk ’t Huis te Poort,

Dam 30, 3111 BD Schiedam

دعوة لحضور نشاط ثقافي في مدينة سخيدام الهولندية، ڤينوس فائق سيقرأ قصائديه باللغتين الكردية و العربية، سيكون اللقاء في

'thuis te poort على الساعة 17.00 مساءا. الجميع مرحب بهم للحضور .

العنوان:

Oud-Katholieke Kerk ’t Huis te Poort,

Dam 30, 3111 BD Schiedam

http://www.thuistepoort.nl/iraakse-literatuur-en-muziek/

Uitnodiging om deze avond zondag 21 oktober 2018 samen bij te wonen in, in Vlaardingen, 'thuis te poort om 17.00 uur . Ik doe mee als dichter en zal mijn gedichten voorlezen in Koerdisch maar ook in Arabisch taal. Iedereen is vanharte welkom.

Adres: Oud-Katholieke Kerk ’t Huis te Poort,

Dam 30, 3111 BD Schiedam

## بەشی سێهەم و کۆتایی

# عەزیز نەسین: ئەو وتارەم دەربارەی دۆزی کورد، کە لەسەری درامە دادگا..!

لە تورکییەوە: بەکر شوانی

بەڕێزان دادوەر و داواکاری کۆماری، بە پیشە مافناسن. مافی ناو ئەم مادەیە بەهیچ جۆرێک بەو واتایە نایەت وەک ئەوەی داواکاری کۆماری لێکی داوەتەوە و هەوڵدانی من بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە تا ئەوپەڕی سنوور خەمگینم دەکات. ئەگەر گۆڕینی یاساکان بە گرتنبەری ڕێبازی یاسایی و پڕوپاگەندەکردن و سازدانی ڕای گشتی بۆی بە یاسا قەدەغە بوایە، بنەما دانراوەکانی جیهان لە یاساکانی حەمورابییەوە تا ئەمڕۆ هیچ گۆڕانێکیان تێدا نەدەکرا. ئەوە چی تێگەیشتنێکە لە ماف و لە دەستوور! تکایە بمبوورن، پێم وایە بەڕێز داواکاری کۆماری و کەسی پسپۆر هەست دەکەن ناچارن کارێکی وا بکەن هەرچۆنێک بووە من سزا بدرێم. بەڵگەیشم ئەوەیە چالاکییەکەی من لە ڕووی ماف و لۆژیک و زمانەوە، نە لە دوور و نە لە نزیکەوە، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ ڕەگەزێکی مادەی 142/3 لە یاسای سزای تورکدا نییە.
ڕەگەزی یەکەم: بەکارهێنانی تێبینیی ئەتنیکی بەمەبەستی هەڵگرتنی بەشێک، یان سەرجەم ئەو مافە گشتییانەی کە لە دەستووردا ناسێندراون.
ڕەگەزی دووەم: پڕوپاگەندەکردن بۆ لاوازکردن، یان کوشتنی هەستە میللییەکان. هەوڵدان بۆ سازدانی ڕای گشتی بەمەبەستی گۆڕینی یاسایەک بە گرتنبەری ڕێبازی یاسایی دیموکراسی خۆیەتی و هەرگیز بۆ نەهێشتن، یان لاوازکردنی هەستە میللییەکان نییە. سەرۆکی بەڕێز، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی دادوەری! لەم ڕۆژگارەماندا لە وڵاتی ئێمە چەندین تابوو هەن باس ناکرێن، تاوتوێ ناکرێن و دەستیان بۆ نابردرێت. لەو باوەڕەدام ئێوەیش وەک سەرجەم هاووڵاتیان لەبەرامبەر ئەو تابووانەدا هەست بە نیگەرانی دەکەن. سەرجەم تابووەکان دژبەری دیموکراسین. یەکێک لەو تابووانەی وڵاتی ئێمە؛ پرسی کوردە. هەروەک چۆن هەموو تابوویەک پێچەوانەی ڕاستییە زانستییەکانە، تابووی پرسی کوردیش پێچەوانەی ڕاستییە زانستییەکانە. ڕاستیی زانستی واتای چی دەگەیەنێت؟ ڕاستییە زانستییەکان سەرجەم ئەو هەبوون و چەمک و دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕوحی و سرووشتیانەن کە گرێدراوی ویست و نیاز و داخوازی ئێمە نین و ئێمە هەبین، یان نەبین، ئەوان بەدەر لە ئێمە و بەپێی یاساکانی خۆیان بەڕێوە دەڕۆن. با بیر بکەینەوە: ئەگەر بخوازین و نەخوازین، ئایا لە دەرەوەی ئێمە دیاردەیەکی کوردی، کێشەیەکی کوردی و گەلێکی کوردی هەیە، یان نییە؟ بێگومان هەیە. ناتوانرێت ڕاستییە زانستییەکان بە قەدەغە یاسایی و نایاساییەکان لەناوببرێن و حسێبی نەبووشیان بۆ ناکرێت. کردنی کورد بە تورک بە گوتنی ئەوەی پێ بە بەفردا دەنێن و دەنگی "کارت–کورت" لەژێر پێیان دێت، نابێت بە زانستیی داتاشراو، بەڵام تورکیا لە دنیای هاوچەرخدا دەکات بە مایەی پێکەنین. ئەوانەی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ژیاون و لەوێ خزمەتیان کردووە، (لەوانەیە ئێوەیش)، فرە باش دەزانن و فرە جار دیویانە زۆر کەس لەوێ، بەتایبەتیش ژنان، تورکی نازانن و لەبەرئەوەی کوردن، تەنیا بە کوردی دەدوێن. ئەو کوردانە لە بنکەکانی ژەندرمە، فەرمانگەکانی داواکاری کۆماری، دادگا و دەزگا هاوشێوەکانی تری دەوڵەتدا بەهاوکاریی وەرگێڕ بۆ زمانی تورکی کاروباری خۆیان ڕادەپەڕێنن. لە کاتێکدا ئەمە وایە و ئێوە و من و هەموو تورکیایش پێی دەزانین، هێشتا پێداگرتن لەسەر نەبوونی کورد لە تورکیا بەکەڵکی چی دێت؟ مادام وایە، پێویستە هەموومان دەست بدەینە دەستی یەک و منەی ڕێگە یاساییەکانی شکاندنی ئەو تابووە بکەین، چونکە بەرگی یاسای داتاشراو و سەپێندراو ڕزیوە و ڕاستیی کۆمەڵایەتی و زانستی لە خۆ ناگرێت. فەرموون لەگەڵ نموونەیەکی ئەمەدا لە ژیانی ڕاستەقینەوە: هاووڵاتییەکی خەڵکی مدیاد بەناوی شێخموس میرد ناوی کوردیی "وڵات"ی لە کوڕی نۆ ساڵانی خۆی و ناوی "باوەڕ"ی لە کچی حەوت ساڵانی ناوە. بەڕێوەبەرایەتیی باری کەسایەتی لە مدیاد بەبیانووی ئەوەی ئەم دوو ناوە کوردییە "لەگەڵ بنەماکانی ڕەوشت و داب و نەریتدا ناگونجێن و نامیللین"، سکاڵای تۆمار کردووە و داوای کردووە ئەو ناوە کوردییانە لە تۆمارەکانی باری کەسایەتیدا بسڕدرێنەوە. ئەمە بڕیاری دادگای مافی ئوسوڵی مدیاد لەو بارەیەوە: "بەپێی یاداشتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باری کەسایەتی و هاووڵاتییان لە وەزارەتی ناوخۆ پێمان ڕاگەیەندراوە ناوەکانی وڵات و باوەڕ بەڕەچەڵەک تورکی نین. بە ئاماژە بۆ مادەکانی پەیماننامەی لۆزان، ئەو ناوانەی کەمینەکان لە منداڵانی خۆیانی دەنێن، پێویستە لەگەڵ داب و نەریتدا بگونجێن، بۆیە هیچ تەگەرەیەک لە ئارادا نییە بۆ بە تۆماردانی ناوەکانی وڵات و باوەڕ وەک ناو لە تۆمارەکانی باری کەسایەتیدا لەلایەن هاووڵاتییانی کەمینەوە." دەقی مادەی 39ی پەیماننامەی لۆزان بەم جۆرەیە: "ئازادیی زمان بۆ کەمینەکان دابین دەکرێت و بە زمانی خۆیان ڕۆژنامە و هەموو جۆرە بڵاوکراوەیەک دەردەکەن."بە بۆچوونی من، ڕاپۆرتەکەی کەسی پسپۆر پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەل هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئاماژەیەکی بچووک بۆ یەک دوو بەشی دەکەم. پرۆفیسۆر ئیچەل لە ڕاپۆرتی خۆیدا دەڵێت: "پێشاندانی بەشێک لە هاووڵاتیانی



کۆماری تورکیا وەک گەل، یان میللەتێکی تر شتێکی مەحاڵە." هەڵەی ئەم بڕیاردانە بێ گەڕانەوەیە لەمەدایە: ئەوانەی دەیانەوێت کورد وەک گەل و میللەتێکی جیاواز پێشان بدەن، کەسانی تر نین، ڕاستەوخۆ کورد خۆیانن. کەسانێکی دەرەوەی کورد نین. ئەوانەی سەبارەت بە گەلی کورد دەڵێن "گەلێکی جیاواز و نەتەوەیەکی جیاواز نین، تورکن"، تێکدەرانی ڕاستەقینەی یەکپارچەیی و یەکێتیی تورکیان. پرۆفیسۆر ئیچەل لە ڕاپۆرتی کەسی پسپۆردا بەم ڕستانەیش من تاوانبار دەکات: "بانگەشەی ئەوەی کردووە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بە گەلێک بڵێت ‘‘ڕەچەڵەکی تۆ ئەوە نییە، ئەمەیە‘‘ (...) گەورەترین هەڵە بریتییە لە داتاشین و خستنە ڕووی تێگەی مێژوویی ‘کورد بوونی نییە، ئەوانە تورکن، (...)"ڕاستە. لە میانەی لێپرسینەوەمدا لە فەرمانگەی داواکاری کۆماری لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵیش هەمان ئەو قسانەم کرد. تەنیا بەکردنی ئەو قسانەیشەوە ڕانەوەستام. گوتیشم (تورکیا بە تێگەی مێژوویی دەستکردی وەک "کورد بوونی نییە، ئەوانە بەڕەچەڵەک تورکن"، کەوتووەتە چاڵێکەوە کە بەدەستی خۆی هەڵیکەندووە. ئەو تێگەیەی کە لە داهێنانی ئێمەیە، سەردەمێکی درێژە لە عێراقیش پەیڕەو دەکرێت، دوو ملیۆن تورکی عێراق –بەشێوەیەکی گشتی لە موسڵ و کەرکوک– بەزۆر کراون بە عەرەب و ژمارەیان لە دوو ملیۆنەوە دابەزیوە بۆ 300 هەزار کەس. لەوێ ناونانی منداڵان بەناوی تورکی قەدەغەیە، بەڵام حکوومەتەکانی تورکیا لەبەرامبەر وەرگرتنی نەوت و لە ڕووی بەرژوەندیی ترەوە نەیانتوانیوە لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ لە عێراق دەنگ هەڵبڕن.) هەر ئەوەندەیش نا. بولگارەکانیش هەمان تێگەی دەستکردی ئێمەیان وەک خۆی وەرگرتووە و تێگەیەکی مێژوویی دەستکردیان بۆ خۆیان داتاشیوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن بەهیچ جۆرێک تورک لە بولگارستان بوونیان نییە و ئەوانەی خۆیان بە تورک دەزانن، سلاڤ (بولگار)ی بە موسڵمانبوون و دوو ملیۆن تورک کە یەک لە نۆی ژمارەی دانیشتووانی بولگارستان پێکدەهێنن، بەزۆر کراون بە بولگار. حکوومەتی ئێمەیش لەبەرامبەر ئەوەدا جگە لە چەند خۆپێشاندانێکی بچووک لە کۆبوونەوەکانی وڵاتانی عەرەبی، هیچ چالاکییەکی بەهەندی ئەنجام نەداوە. ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا بە ڕێبازی دیموکراسی و لە چوارچێوەی سیاسیەتی یەکێتیی تورکیادا چارەسەر نەکرێت، ملیۆن و نیوێک تورکی بولگارستانیش وەک دوو ملیۆن تورکەکەی عێراق لە ناودەچن. کار هەر بەئەوەندەیشەوە نەوەستاوە. یۆنانستانیش کە هەمان تێگەی دەستکردیی مێژوویی کتومت وەک خۆی پەیڕەو دەکات.

# ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا بە ڕێبازی دیموکراسی و لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکێتیی تورکیادا چارەسەر نەکرێت، ملیۆن و نیوێك تورکی بولگارستانیش وەك دوو ملیۆن تورکەکەی عێراق لە ناودەچن.

دەستی کردووە بە گوتنی ئەوەی کە تورک لە ڕۆژئاوای تورکیا بوونی نییە و دەڵێت ئەوانەی خۆیان بە تورک دەزانن، یۆنانین و بە زەبری بە زەبری شمشێر کراون بە موسڵمان. حکوومەتی تورکیش لە ئاستی ئەم ڕووداوە گوێی خۆی کەڕ کردووە. سەرۆکی بەڕێز و دادوەرانی بەڕێز، وەک ئەوەی لە خوارەوە ڕوونی دەکەمەوە، تا مرۆڤ بەتەواوی نەگات بە ئازادیی مرۆڤبوونی خۆی و تا "میت" و داواکارانی کۆماری تێنەگەن ئازادیی مرۆڤ واتای چییە و تا ڕاستی پارێزان هێشتا سزا بدرێن و تا بێباکی بەردەوام بێت، ترسی ئەوەم هەیە ڕۆژێک بێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە تورکەکانی دانیشتووی تورکیایش تورک نین. ئومێدم وایە کەسی پسپۆر پرۆفیسۆر د. کەیهان ئیچەل و بەڕێز بولبان ئاکباشی داواکاری کۆماری لە دادگای تەناهیی دەوڵەتیش سوود لە لێدوانە کورتەکانم سەبارەت بە ئازادیی مرۆڤ وەربگرن. سرووشتیترین و لە پێشترین و سەرەتاییترین ئازادیی هەر مرۆڤێک ئازادیی مرۆڤبوونیەتی. سەرجەم ئازادییەکانی تر (بیرکردنەوە و باوەڕ و هاوشێوەکانیان) لە دوای ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤەوە دێن. بەدرێژاییی مێژوویش لە هیچ جاڕنامەیەکی مافی مرۆڤدا نەنووسراوە "ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ"، چونکە ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ چەمکێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویست و ددان پێدانراوە و شتێکە پێویست ناکات ڕاستبوونی بسەلمێندرێت. واتە هیچ کەسێک داوا لە هیچ کەسێکی تر ناکات مرۆڤبوونی خۆی بسەلمێنێت، چونکە مرۆڤ بێ ئەوەی پێویستی بە سەلماندن بێت، مرۆڤە. نیشانە و تایبەتمەندیی ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردادێت. لەم چاخەی ئێمەدا سەرەکیترین نیشانەی ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤ ئەوەیە مرۆڤ ئازاد بێت لە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتیی خۆی. واتە مرۆڤ تەنیا خۆی دەتوانێت پەیوەندارییی نەتەوەییی خۆی دیاری بکات. ئەگەر ئەم قسەیە بەدڵی ئەوانەیش نەبێت کە دەیانەوێت لەم چاخەدا درێژە بە سەردەمە کۆنەکان بدەن، دەبێت بزانرێت لەم سەردەمەدا مرۆڤێک ناتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتیی مرۆڤ و ناسنامەی نەتەوەیی و کەسایەتیی دایک و باوک و باپیر و باپیرەگەورانی مرۆڤ دیاری بکات. مرۆڤ هەروەک چۆن ئازادە لە هەڵبژاردنی ناسنامەی نەتەوەییی و کەسایەتیی دایک و باوک و باپیرانی، بەهەمان شێوە خاوەنی مافی هەڵنەبژاردنیەتیشی. بۆ نموونە، هەر مرۆڤێک دایک و باوکی لە چ نەتەوەیەک بێت، ئازادە لە بوونی بە ئەندامی ئەو نەتەوەیەی کە خۆی ئارەزووی دەکات و ئەگەر بەر لە هەموو شتێک ددان بە ئازادیی مرۆڤبوونی مرۆڤدا نەنرێت، سەرجەم ئازادییەکانی تر هیچ واتایەکیان نابێت. بەتایبەتیش وڵاتێکی وەک تورکیا کە دەیان هەزار ساڵە بووە بە خەرمانی مێژوو و مرۆڤ و نەتەوەکان، ناتوانرێت پەیوەندارییی مرۆڤ بۆ نەتەوەیەک لە نەتەوەکان لە ڕێی پەیوەندیی دایک و باوک و پەیوەندیی خوێنەوە دەستنیشان بکرێت. ئا لەم سۆنگەیەوەیە کاتێک کۆمەڵێک مرۆڤ لەوانەی لە تورکیا دەژین و تێکەڵ بە مێژووی تورک بوون، ئەگەر بە خۆیان بڵێن کورد، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بڵێت لەبەرئەوەی باب و باپیرانیان تورک بوون (ئەگەر تەنانەت ئەم تێگە داتاشراوە ڕاستیش بێت)، ئەمان کورد نین و تورکن. کەس مافی ئەوەی نییە تورکبوونیان بەسەردا بسەپێنێت. مەرجی سەرەکیی نەتەوایەتی لەم چاخەی ئێمەدا پشت دەبەستێت بە ویستی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە ژیان لە سایەی یەکێتیی بەرژەوەندیی ئابووریدا. ئەمەیش بە ویستی ئازادی مرۆڤ و بەشێوەی دڵخوازانە پێک دێت. ئەو وڵاتانەی کە بە زەبری یاسا، یان گوشاری نایاسایی نەتەوەییبوون دەسەپێنن، ئیدی لە دنیای هاوچەرخ و شارستانیدا جێیان نابێتەوە. ئەوەی من لەم بابەتەدا دەمەوێت، ئەوەیە یاسای ئاماژەبۆکراو بە دیموکراسیترین و یاساییترین ڕێباز بگۆڕدرێت و کوردەکانیش سەرجەم مافە کلتوورییەکانی خۆیان بەدەست بخەن بۆ ئەوەی تورکیا لە دنیای هاوچەرخدا جێی خۆی بگرێت. هانی کەسم نەداوە یاسا بشێوێنێت و دنەی کەسم نەداوە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی. گرنگترین ئەرکی هاووڵاتیبوونم ڕاپەڕاندووە و کەڵکم لە مافی خۆم وەرگرتووە و دیموکراتیزەکردنی یاسایەکی لەگەڵ ئەم چاخەدا نەگونجاو دەخوازم و هەمیشەش دەمەوێت. لەگەڵ ڕێزمدا.

***

سەرۆکی دەستەی دادوەران پرسیاری دوایین وتەمی کرد. تاوانبارکراوان بەشێوەیەکی گشتی پاش بەرگریکردن لە خۆیان، لە دوایین وتەدا داوا دەکەن بێتاوان دەربخرێن. من دوایین وتەی خۆم لەو دانیشتنەی دادگادا لە ژمارەی ڕۆژی 1988/7/1ی ڕۆژنامەی "جمهورییەت"ەوە وەردەگرم کە هەواڵەکەی بڵاو کردووەتەوە: "چاخی ترساندنی من بەسەرچووە. داوای بێتاوان دەرخستنیش ناکەم. ئەوە وڵات، ئەوە داواکاری کۆماری، ئەوە من، ئەوە کورد و ئەوەیش ئێوە. چیتان دەوێت، ئەوە بکەن." ***پاشان پارێزەر وەلی دەڤەجیئۆغلو لەبەردەم دادگا بەرگرینامەیەکی تێر و تەسەلی پێشکەش کرد و لە سەرەتادا گوتی "ئۆگوست کۆنت دەڵێت: ‘‘بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی لە بیرۆکەیەک



عەزیز نەسین

تێبگەین، پێویستە لە مێژووەکەی بکۆڵینەوە.‘‘ کێشەی کورد کە هێشتا ژیانیترین بابەتی ڕۆژەڤی تورکیایە، تا دوێنێی نەزانرێت، مەحاڵە وەک پێویست ئەمڕۆی ڕوون بکرێتەوە و هەڵبسەنگێندرێت. دیارە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕابردوویەکی هەیە و ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین، وەریدەگرێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕادەستی داهاتووی دەکات. بۆیە پێویستە هەبوونی مێژووییی کورد، ئەو نیشتمانەی لێی دەژین، هەوڵ و تێکۆشانی ئابوورییان، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا و ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی لەسەر گشت ئەوانە بنیاتنراویان بزانرێت، تا ئەمڕۆ بتواندرێت بڕیاری ڕاست لە بارەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردەوە بدرێت و سەرچاوەی کێشەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەری دروست بەرهەم بهێندرێت."

(...)

"...ئەو مرۆڤانەی ئێوە دادگاییان دەکەن، وەک ئێمە مرۆڤی ئاسایی و فانی نین. وەک بەختێکی گەورەی نەتەوەمان لە ناو ئێمەوە پەیدا بوون و مایەی شانازیی گەلی تورک و ئەم نیشتمانەن. نەوەکانی داهاتوو لە سۆنگەی ئەوەی مرۆڤی هەمان نەتەوەی ئەمانن، شانازییان پێوە دەکەن. ئێمەی مرۆگەلی بەختەوەر بەڕێککەوت لە نزیک ئەوانەوەین و کتێبە واژۆکراوەکانی ئەوان وەک گەورەترین میراتی لە پاش خۆمان بۆ منداڵەکانمان بەجێدەهێڵین. ئەوانە بەها و ڕووی گەشی نەتەوەی ئێمەن. تورکیای ئێمە وڵاتێکە لە کاروانی شارستانی دواکەوتووە. بەڵام لە هەموو ڕوویەکەوە وا نییە. بۆ نموونە، باوەڕم وایە لە بواری ئەدەبیاتدا شان لە شانی پێشکەوتووترین دەوڵەتان دەدەین. ئاواتەخوازم و حۆزگە دەخوازم دادوەریشمان بەهەمان شێوە بێت. بۆ پێشاندانی ئەوەیش هەلێکی مێژووییتان لەبەردەستدایە. ئەنادۆڵ بێشکەی شارستانییە گەورەکانە و نەتەوەکەمانیش میراتگری ئەو شارستانییانەیە. وەک خۆفوودان بۆ تاسەکردنی ڕابردوو نا، بەڵکو لە باوەڕێکی لە دڵەوە هەڵقوڵاو ئەمە دەڵێم. موەکیلەکانم هیچ پەیوەندییەکیان بەو تاوانەوە نییە و پەیوەندیانیش نابێت. بەم هەستەوە ئارەزوو دەکەم بڕیار لەسەر بێتاوانبوونی هەموویان بدەن. ڕێز دەنوێنم.

پارێزەر وەلی دەڤەجیئۆغلو

*****

دادگای ئاسایشی دەوڵەت لە ئیستانبوڵ لە دانیشتنی هەمان ڕۆژدا بڕیاری لەسەر بێتاوانبوونی من و کەسەکانی تری ناو دۆزەکە دا...

سەرچاوە:

Bulgaristan'da Türkler Türkiye'de Kürtler, Aziz Nesin, Nesin Yayınevi, Istanbul, 2008

# مەتەڵی "پارچەی ئاسمان"ی نێبرا ئاشکرا کرا
# یەکەمین شاری ئەوروپاش لە زاکسن-ئەنهالت بووە
# ئەوان منداڵیان دەکردە قوربانی خوای ڕۆژ





وەک لەوێنەکەدا دەردەکەوێت بەمشێوەیە هێڵناسان لەکتێبەکەدا دەریدەخەن" پارچەی ئاسمانی نێبرا"، کە ٣٢٠ لاپەڕەیەو نرخی ٢٥ ئۆیرۆیە، ئەوەی ناوی پارچەی ئاسمان بوو، تا ئێستا نەزانرابوو، دەرچوو هی سەردەمی پاشایەتییەکی کۆنە.

لەلایەن– یان ڤێتسۆلت–ەوە

هالە– لێکۆڵینەوەیەکی ناوازە.کەهی ٤٠٠٠ چوارهەزار ساڵ پێش ئێستایە و بۆ تیورینگن وزاکسن–ئەنهالتی ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی پاشایەتی و لەیەکەم شاری بەمانا شار لەئەوروپا دەگەڕێتەوە!

زانایان دواجار ئەو مەتەڵەیان دۆزییەوە، کە ناوی"پارچەی ئاسمانی نێبرا"یە و ئەنجامەکەشیان لەپەرتوکێکدا*دەرخستووە، پارچەکە خۆرێک و مانگێکی کەوان و ٣٢ ئەستێرەی زێڕین نیشان دەدات، ئەمەش بە١٠٠سەد ملیۆن ئۆیرۆ بیمەکراوە.
ئەو پارچەیە لەسەرانسەری جیهاندا بەکۆنترین دەرخەری گەردوون دەژمێردرێت.
ئەمە کاتی خۆی خزمەتی شایەکی کردووە کەمیرنشینەکەی سەرنگوم بووە و بۆ پێوانە و پێشبینییەکانی ڕۆژ بەکارهاتووە، بەهۆیەوە توانیویانە چاکترین و گونجاوترین کات، بۆ دروێنەو چاندن و کشتوکاڵ دەستنیشان بکەن.

ئەوەی ترسناکە لێرەدا: تا ئەوکاتیش لەسەردەمی دەسەڵاتەکەیاندا منداڵ و کچی گەنجیان دەکردە قوربانی، تا سوپاسگوزاربن و ڕەزامەندیی خودای ڕۆژ بەدەستبهێنن!

پرۆفیسۆر د.هاڕالد مێللەر(٥٨ساڵ)ی بەڕێوەبەری مۆزەخانەی مێژوویی دەڤەرەکە، لە هالە ڕایدەگەیەنێت، کەرەستەکانی پارچەی ئاسمان پیشانی دەدەن، کە لەمەودایەکی فراواندا قەلەمڕەوبوون: زێڕەکە هی باشوری ئینگلاندە. سەرەڕای ئەوەش شتەکانی تری پارچەی ئاسمان هی ڕۆژهەڵاتە. بازرگانییە باش و کشتوکاڵە مۆدێرنەکەی وایکردووە پاشایەکەی بەردەوام دەوڵەمەنتر و دەسەڵاتی زۆرتربێت و زاڵ بێت، بەسەر میرنشینەکەیداو هەژارانیشی بەکارهێناوە و یەکەم شاریشی لە ئەوروپادا بنیاد ناوە!

زانایان بە"کولتوری ئاونیەتیتس"ناوی دەبەن، ئەمەش بەناوی شوێنەکەی جارانی کراوە، کە لەنزیک پراگی ئێستا بووە، کە گۆڕی شوێنە بەراییەکانی پارچەی ئاسمان و میرەکەی تێدا دۆزراوەتەوە.



وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: موزەفەر عەزیز

میر دوای مردنی وەک فیرعەونەکان نێژراوە:
کاریگەرترین و سەرنجڕاکێشترین گۆڕی لە ئاوروپا بۆدروستکراوە بەرزییەکەی ١٥م و ڕووبەرەکەشی ٦٥م و پڕی زێڕ بووە! ئێستا ئەو شوێنە زبڵخانەیە!

نزیکەی ١٦٠٠ ساڵ پ.ز و لەدووری ٢٠٠٠کم لە یۆنانی ئێستا، کاتێک گڕکانی تیرا دەتەقێتەوە ئەو دەسەڵاتنشینە ئیدی تەفروتونا و نغرۆدەبێت و ئاسمان لای ئێمەش تاریک و تەماوی دەکات و قات وقڕی و برسیەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەمەش پارچەی ئاسمان بۆلەمەودوا چیدی کاری پێنەکراوە و کاریگەری بەیەکجاری نەما. هەژموون و دەسەڵاتی پاشاش شکاو میرنشینەکەش لەناوچوو. شیاوی باسە لە٤ی٦ی١٩٩٩ هەواداران و ئەوانەی بەدوای گەنجینەدا دەگەڕێن ئەو پارچەی ئاسمانە و شمشێر و هەندێ کەلوپەل و بازنی دەست لە" نێبرا "، کە ئێستا (زاکسن–ئەنهالت)ە، دەدۆزنەوە بە یارمەتی ئامێرێکی کانزادۆز، بەڵام ئەو شتانە لەبەرئەوەی لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە هەڵنەگیرابوونەوە زیانیان بەردەکەوێت، (کاتێ میرنشنەکە نقووم بووە، ئەو پارچە ئەفسووناوییەش لەگەڵ کەرستەکانی تری گۆڕ نێژراون)، بۆیە دواجار بە٣١٠٠٠ سی و یەک هەزار مارک ئەوکاتە دەفرۆشرێت. پاشان چەندین جار بە قاچاخ دەستی دەستی پێدەکرێت و گۆڕان بەسەر خاوەنەکەیدا دێت، تا لە بەڕێوەبەرایەتی ئارکیۆلۆژی هاڕالد مێللەر لە ٢٠٠٢ بایەخ بە کڕینەوەی دەداو دزەکانیش بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەردەچێت، لەکۆتاییشدا ئەو پارچەیە دەگەڕێنرێتەوە سەر ڕەفەی گەنجینەی دەڤەرەکە.

سەرچاوە بیلد

بەشی سێهەم: پاشماوەی ژمارە 13 ی تاراوگە



بەرگی سێیەم ـ بەشی هەشتەم/ فایلی 1ـ3:

بارزان و بارزانیان، هێڵکاریی رەچەڵەکی بارزانیان، شۆڕشەکانی بارزان، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. ژ.ک .، پێشەوا قازی موحەممەد، یەکەمین سەر کۆماری کورد، بارووددۆخی رامیاری ئێران، ئاهەنگی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، شەڕو پێکدادانەکانی نێوان کۆمارو لەشکری ئێران، سەرەتای هەرەسی کۆماری کوردستان، هەرەسی کۆماری ئازەر– تەورێز، چوونی بارزانی بۆ تاران، ئەفسەرانی لیژنەی ئازادی، پێشەوا لەبەردەم دادگادا، هێزی بارزانیان دوای هەرەسی کۆمار، تراژیدیای چوار ئەفسەرەشەهیدەکان، وەسیەتنامەی چوار ئەفسەرەشەهیدەکان.

بەشی هەشتەم، فایلی 2:

بزاڤی کوردایەتی و شۆڕشی 14/7/1958، بارزانی شایەک بێ تاج ، وڵاتێک بێ سنور، دەوڵەتێک بێ ئاڵا، لەنێوان ئیسرائیل و عارەبدا، لەنێوان مەسعود بارزانی و یاسر عەرەفاتدا، شەڕەبەنێوبانگەکانی شۆڕشی ئەیلولی 1961، با لەنێزیکترەوەبارزانی بناسین، ئایا بارزانی سەرکردەیەکی خێڵەکیی بوو؟، ئایا سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بەکرێگیراو بوون؟، یەکەمین کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتندا، ئەنجامەکانی دووبەرەکی، ڕێککەوتنی 11مارت 1970 بۆ ؟ دەستپێکردنەوەی شەڕیش بۆ ؟، نامەیەکی صەدام حسەین بۆ مستەفا بارزانی.

بەشی هەشتەم .، فایلی 3

دوا قۆناغی شۆڕشی ئەیلول و هەرەسی بەهاری 1975، پێداچونەوەیەکی هەڵوێستەکانی بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش، هێڵەسوورەکان، نهێنییەکانی سەرکەوتنی بارزانی.

بەشی نۆیەم:

هەندێک وشەو دەستەواژەجێگەی سەرنج و تێڕامانن، زمانی کوردی و زمانەهندۆ ئەوروپاییەکان و زارزمانەکانی کورد، بەراوردکردنی کولتوری کورد و فارس و تورکدا ...، کۆمەڵێک لەوانەی لەسەر کورد نووسیویانە، هەندێک نیشانەو هەڵوێستی سادەپێوەری هۆشیاریی نەتەوەیین، بەختی ڕامیاریی. ئەمانەوەک بابەتی سەرەکیی بوارەکانی مێژوو، جوگرافیا، نەژاد و رەچەڵەکی کورد، کورد لەسەدەکانی پێش عیسادا، لەسەردەمی ماد ـ میدیا، ئاشوور، کلدان، سومەر، سەرهەڵدانی شیعەگەرێتی و ململانێکانی لەگەڵ ڕێبازی سوننەگەرێتیدا، جەنگەکانی عوسمانیی ـ صەفەوی، عوسمانیی ـ رووسیا، کێشەی خەلافەت، تیرۆرکردنی خەلیفەکانی

# ناساندنی کتێبی

## پانۆرامای دیرۆکی دێرین و نوێی کورد




پەیامبەر، دامەزراندنی ئێرانی نوێ، دواڕۆژەکانی سوڵتان، بزوتنەوەی یاساخوازان لە تورکیا و ئێران (مەشروتە)، بزوتنەوەی ئەفسەرەکانی کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن لەتورکیا، بزوتنەوەی کەمالیزم، دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئێرانی حەمەرەزاشا دوای رەزاشای باوکی. نوسەری کتێبەکەدەڵێت : نووسینەوەی مێژوو ئەگەر تەنها گێڕانەوەی رووداوەکان بێت، بێ تاوتوێکردن و تەتەڵەو سەربێژنگ و بنبێژنگ، ئەوەئەبێتەچیرۆک و هەر بۆ خوێندنەوەدەشێت نەک تێگەیشتن و بەستنەوەی هەموو لایەنەکان پێکەوە و شارازەبوونی خۆمان و دەوروبەر و دۆست و دوژمن و پەند و ئامۆژگاری وەرگرتن و گەلێڵەکردنی بیرۆکەی دروست. مێژوونوسانی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان بەجۆرێک مێشکی نەوەکانیان بەبیروباوەڕی شۆڤێنییانەئاوداوە، کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن زمان، مێژوو، کولتوور و خاک ناخوێننەوە و هەریەکەشیان بەشێکی کوردستان بەحەلاڵی خۆی دەزانێت و پێشەکیش بڕیاریانداوەتۆمارکردنی رووداو و ئەنجامەکان بەچ ئاڕاستەیەکدا بڕوات، کەتەنها بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بێت. نووسەر و مێژوونووسی بێلایەن و بەویژدانیشیان تێدا هەڵکەوتووە، لایەنی راستیی بەرنەداوە، لەنێو تورکدا وەک: ئیسماعیل بیشکچی، ئەولیاچەلەبی، شەمسەدین سامی، مەحموود کەشغری نووسەری ( دیوان لغات ترک) . حەیدەر چەلەبی 1514ـ 1518ز. بەکوردستاندا گەراوە، ناصیح مەترەقچی 1534 ـ 1536 ز. هاتۆتەکوردستان. یاڵچین، بەهیجەبۆران، کەمال پیر، هاڵۆک گرگر. لەفارسەکانیش وەک: ئەسکەندەر مونشی، تەفرشیان، زربەخت. لەنێو عارەبدا نموونەی وەک ئیبن بەتتوتەی مەغریبی 1304ـ 1369 لەگەشتەکەیدا لەبەغداوەهاتۆتەکوردستان، نووسیویەتی دانیشتووانی شارەکانی مووصل، ماردین، سنجار کوردن. ئیمامی غەزالی 1058 ـ 1111 ز. فەرموویەتی: رووناکبیری ئیسلام لەسەر شانی چوار زانایە، سیانییان کوردن. مەسعوودی خاوەنی کتێبی(مروج الدهب) بنەچەی هۆزەکانی کوردی بەسەرکردۆتەوە. تەبەری(الطبری) خاوەنی کتیبی (اخبار الملوک) گوتوویەتی خەلیفەمەروان کوردە. ئەوەجگەلەنووسەرانی رووسیا وەک: باسیل نیکیتین، مینورسکی، خالفین، لازاریف، فیلچفسکی، ئەڤیر بانۆڤ. کریس کۆچرا ـ فەرەنسا، مارتین ڤان برۆنسەن ـ هۆڵەندا، گوینتەر دیشنەر ـ ئەڵەمانیا، میجەر نۆئیل، جەیمس ریچ، ریتشارد بیستن ـ بەریتانیا، ئەمەی دووایی‌یان جینۆسایدی هەڵەبجەی رووماڵکردو بەجیهانی ناساند. گەلانی پێشکەوتوو لەپاڵ زمان و مێژووی خۆیاندا مێژووی گەلانیش دەخوێندنەوە و کەموزۆر زمانەکانیشیان فێرئەبن بۆ تێگەیشتنی رابوردوویان و پەیوەندی و لەیەکتر تێگەیشتنی ئێستا و داهاتوو. کورد بەگشتیی زمانی دراوسێ داگیرکارەکانی ئەزانێت، بەڵام شارەزای مێژوویان نییە، سەرباری شارەزانەبوونی لەمێژووەکەی خۆی. ئەی کورد بۆچی زمان، وێژە، مێژوو و جوگرافیای بێگانەکان ئەخوێنێت و شارەزاییشی لێ هەیە، کەچی لەکوردستان کوێرو نەشارەزا و نامۆیە..؟ دراوسێکانی کورد زمانی کوردی نازانن، بەڵام مێژووەکەی شارەزان، چونکەزۆربەی هەرەزۆری هەرخۆیان نووسیویانە. ئەمەخاڵێکی سەرنج راکێشە: کورد بەگشتی زمانەکانی دراوسێ داگیرکارەکانی دەزانێت بەڵام شتێکی ئەوتۆ لەمێژوویان نازانێت، دراوسێ داگیرکارەکانیش مێژووی کورد شارەزان بەڵام زمانەکەی نازانن و نایانەوێت بییشزانن! لەدوای دەوڵەتی میدیاوەستراتیژی زلهێزەکانی ناوچەکەئەوەبوو، کورد وەکو مقاش، داشی دامە، کراس سوری بەر لەشکر و سوتەمەنیی جەنگ بەکاربهێنن و ئەقڵی رامیاریی و دیپلۆماتکاریی کوردیش لە ساڵی 1991 بەدواوەپێئەنێتەیەکەم قۆناغی خەملاندن و هەنگاونانی سەرکەتوو، ستراتیژیەکەشی (ئەگەر بگونجێت بەستراتیژی بژمێرین) لەسەر بنەمای کەڵک لەناکۆکی و بەیەکدادانی دوژمنەکانی وەربگرێت لەپێناو مانەوەدا. لەوەدا چاکیشی هێناوەبە بەراورد لەگەڵ شۆڕش و راپەڕین و میرنشینەکاندا، کەهەر هەموویان لەسفرەوە دەستیان پێکرد و گەیشتنەوە سفریش.

ماوێتی

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



# نـەجات چیمەنی

نەجات چیمەنی لە بەهاری ١٩٦١ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوک لە باشوری کوردستان لە دایک بووە، هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە لە سلێمانی بەشانۆ وەک ئەکتەر تێکەڵاوی هونەری شانۆ بووە، تا کۆتایی خوێندنی ناوەندی، دواتر چۆتە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بەشی ئەلکترون و ئەو بەشەی ساڵی ١٩٧٩ تەواو کردووە. لە ٢٤–١٢–١٩٨٠ وەک مامۆستای سیرامیک لە ناوەندی کاوەی کوڕانی پیشەیی دامەزراوە، دواتر گوازراوەتەوە بۆ ناوەندی زانیاری و ناوەندی ئەحمەدی خانی تاکو ساڵی ١٩٩٧ لەو ماوەیەدا هەموو ساڵێک پێشانگەی ساڵانەئ بۆ کارو بەرهەمەکانی هەبووە، کە لە کوردستان مامۆستای هونەر بووە، پاشان ڕێی ئاوارەیی گرتۆتەبەر، لە هۆڵەندا گیرساوەتەوە، ساڵی ٢٠١٠ یەکەم تابلۆم لە هۆڵەندا نەخشاندووە، لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا کە ڕێکخراوی "میدیـــا" و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سازیان دەکرد، بۆ یادی هەڵەبجە و ئەنفال بەشداری بە چەند تابلۆیەک کردووە. هەروەها لە چەندین پێشانگای تایبەت و هاوبەشدا بەشداری کردوە، لەساڵی ٢٠١٤ لە شارەوانی زێڤن بێرخن بۆ ٢٥ ڕۆژ، خاودە ساڵی ٢٠١٤، لەگەلەری لانگە دڤارس ساڵی ٢٠١٥ بۆ مانگێک، هەروەها لە شارەوانی خاودە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ماوەی مانگێک و لە هۆڵی نەخۆشخانەی هاردەرڤایک دوو مانگ بەردەوام بوو.


بۆ زانیاری زیاتر و کارەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/nejat.chemany










# تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807